

ڕه شاد- مسته فا سولّتانی
20 مانگی مای 2008 سوید

# وڵامی سەرۆکی پژاک !

بۆ بە ڕێز عبدولڕەحمان حاجی ئەحمەدی که لە گەڵ خۆر هەڵات نیوز، دیمانەیەکی سەبارەت بە دامەزراندنی کۆ مە ڵە و قەتع نامەی هەشت مادەیی کردووە .

* ئەوە ڕاستە کە هێزی سیاسی و لایەن و کەسایەتی تر دەست پێشخەریان کرد و لە سەر خەباتی سیاسیتان قسەیان کرد. جەنابتان هەمان ڕچەتان شکاند و وڵامتان داوەتەوە. چ بیر و بوچونی ئەوان و چ بیر و بۆچونی ئێوە خزمەت بە حەللی کێشەکانی کورد ناکات ،پولیمیکی دەورانی گلۆبالیزم و دەورانی مۆدێرن ئاوا نابێت !

## قە تع نامە ی هەشت مادە یی مە هاباد !

قە تع نامە ی هەشت مادە یی مە هاباد ،هەڵویستێکی سیاسی ئەو سەردەمە ی ڕێبەرا نی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. هەڵویستی ئەو کاتەی ڕێبەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی باشور دەرحەق بە بزووتنەوە و خەباتی کورد لە ( ئێران ) چاک و گونجاو نە بوو. خەڵکی ئاوارەی کورد لە هەموو ناوچە و هەرێمەکانی ئێران و بە زۆرە ملی لە شارەکانی مەشهەد، شنۆ. نەغەدە، ورمێ، جەهروم، شیراز، ئێسفەهان پرژ و بڵاو و نیشتە جی کرابون . قە تع نامە کە لە ڕاستیدا هەرگیز دژ بە خەڵکی ئاوارە ی کورد و بە تایبەت بارزانیە هەژار و فەقیرەکان نە بوو. بەڵکوو دژی سیاسەت و هەڵویستی خراپی ئەو کاتەی ڕێبەرانی پارتی بوو. جمهوری ئێسلامی ئێران ڕۆژانە خەڵکی کوردی ڕۆژ هەڵاتی قەڵاچۆ و تیر باران دەکرد. لەو کاتانەدا ڕێبەرانی پارتی پاڵیان بە جمهوری ئێسلامی ئێرانەوە دابوو و یارمەتیان دەدا. ئەم سیاسەت و هەڵویستانەی ڕێبەرانی پارتی لە ناو جەماوەری خەڵکی کوردی ڕۆژهەڵات، بیزاری خولقاندبوو. کوردە هەژار و ئاوارەکان لە هەل و مەرجێکی زۆر نالە بار و وەزعێکی زۆر دژواردا دەژیان .جگە لە ئاوارە بوون و سوکایەتی و پرژ و بڵاو کردنیان، لە باری ماڵی و ئابوریەوە

وەزعێکی هێندە تاڵیان هەبوو کە دڵی مرۆڤی دەتەزاند . ژیانی ڕێبەرانی پارتی کە لە تاران، ورمێ وکەرەج لە خۆش ترین بینا و ئاپارتمان نیشتەجی کرابوون و یارمەتی دەدران، هەر ناکرێ لە گەڵ ژیانی بارزانیە هەژار و فەقیرەکان لە تای ترازوویەکدا، داینین . بە شاهیدی دیکۆمینتەکان و ڕووداوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کاتێک پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی ئێران و کۆ مە لە لە گەڵ هیزی پاسدار و ئەرتەشی ئێران بە شەڕ دەهاتن ، پێشمەرگەی قیادە، یارمەتی جمهوری ئیسلامیان دەدا و زۆر پێشمەرگەی کۆمەڵە و دیموکراتیان شەهید کرد . هەشت ڕۆژی تەواو شاری مەریوانیان بە یارمەتی کۆنە پارێزانی مەریوانی و پاسدار و ئەرتەش ،گەمارۆ دا.لە شارەکانی شنۆ ، نەغەدە، مەریوان وسۆما برادۆست چییان نەکرد . قەتع نامەی هەشت مادەیی مەهاباد، هەرگیز بە کردەوە دەر نە هات ،ئێجرا نە کرا و تەنیا لە سەر لاپەڕەکانی کاغەز مایەوە . و مانوڕ و دەر بڕینی بیزاری لە سیاسەت و هەڵویستی نە گونجاوی ئەو کاتەی ڕێبەرانی قیادە بوو، لە هەمان کاتدا دیفاعێکی تاکتیکی لە کۆمەڵانی کوردی ڕۆژهەڵات بوو . ئێستا زۆر کەس هەڵەپەرەستانە، لە مادەی ژمارە هەشتی، ئەو قەتع نامەیە، بۆ بەرژەوەند و قازانجی شەخسی بە شێوەیەکی ناشایست کەڵک وەر دەگرن، تا دەوری لیبڕاوانە وگرینگی ڕێبەرانی دڵسۆز و پێشڕەوی کۆمە لە، تەماوی و لێڵ نیشان بدەن .

## دامەزراندنی کۆ مە ڵە !

کۆ مە لە لە لایەن چەند ڕووناک بیری نە ترس،خۆ بەخت کەر، بسپور،کارامە ، پێشڕەو کە ئامانج و ئیدئۆلۆژی سوسیالیستی و عەداڵەت خوازیان هەبوو پایزی ساڵی **1448** ی هەتاوی(**1969**ی زاینی) وەک پێویستیەکی مێژوویی لە شاری تاران بنیات نرا و لە دایک بوو . ئەم بڕیارە بۆ گەلی کورد هەنگاوێکی زۆر گەورە و لیبڕاوانە و مێژوویی بوو.خاڵە هاوبەشەکانی دامەزرینەرانی کۆ مە لە ڕۆحیە و شەرافەتی شۆڕشگێرانە، پاکی و بێگەردی سادقانەی سیاسی،بایەخ دانە نان بۆ ژیانی شەخسی بوو. ڕووناک بیرانی کۆ مە ڵە لە تاران بیر و ڕای چینایەتیان بە مە بەستی لابردنی چەوسانەوەی مرۆڤ لە مرۆڤ ، نابەرابەری ناو کۆ مە ڵگای کوردستان هەڵبژاردبوو .وەزنی سیاسی چینی کرێکار لە ئێران و ژیانی تاڵی هەژارانی کوردستان پاڵی پێوە نابون تا ڕێکخراوەیەکی پتەو" وەک کۆ مە ڵە" دامەزرێنن. ئەوەی کە دامەزرینەرانی کۆ مە ڵە، وەک بنە مایەکی بنەڕەتی لە بەر چاویان بوو ،ئەوە بوو کە شوێن کەتووی هیچ حیزبێک نە بوون و دەستیان بۆ هیچ وڵاتێک لە سەر سینە دانە نا. بە شوین وڵامێکی شۆڕشگێرانە بۆ لابردنی کێشەی میللی و نەتەوایەتی کورد بوون .دامەزرینەرانی کۆ مە لە هەمووویان گەنج و ئەزمونی کاری سیاسیان کەم بوو. نهێنی کاری بۆ ڕێبەرانی کۆ مە ڵە وەک پاراستنی گلینە چاو بوو، چونکوو زەخت و گۆشاری ساوا ک و نە بوونی ئەمنیەت وای کردبوو کە ڕێکخراوەکە لە هەولەوە بەر تەسک بیت و بۆیە دەروازە ی کۆ مە لە ئاوەڵە نە بوو . پێوەرەکان بۆ ئەندام وەر گرتن لە ئاستێکی باوەڕ پێنەکراو و دژواردا بوو. دەبوا ڕێبەران لە گەڵ ژیانی کرێکاری خۆیان تیکەڵ کەن . و لە گەڵ ڕێکخراوە کۆن و کلاسیکەکانی کوردستان کە بەرژەوەندی ئاغا و فیودال و مالکەکانیان دەپاراست ، سنووریان هەبوو. لە گەڵ حیزبی

تووده،چریکی فیدایی،موجاهیدین ورزمەندگان و ... سنووریان هەبوو.ڕێبەرانی کۆ مە ڵە لە دەرەوەی کوردستان و لە سەر ئامانجێکی بەرزی ئینسانی و سوسیالیستی یەکیان گرتەوە .ئەو یەکگرتنە لە ئاستێکی بەرزی نهێیدا بوو . ساواک و پولیسی شا گاڵتەی پێ نەدەکرا. کاری نهێنی ڕێبەرانی کۆمە ڵە بە شێوەیەک بوو کە تەنانەت لە ژێر ئەشکەنجە و زیندانی تاکە کەسی ، پولیس و ساواک نەیانتوانی ڕێکخراوەی کۆ مە ڵە بناسن . ڕێبەرانی بیرمەندی کۆ مە ڵە لە ماوەیەکی کورتدا توانیان بە لیکدانەوەی زانستی و تاکتیکی عیلمی، ڕەوتێکی ڕادیکاڵ بە خەبات و بەرەنگاری کوردستانی ڕۆژ هەڵات و بە تایبەت هەرێمەکانی کامیاران ، سەقز، سنە و مەریوان بدە ن کە لە ئاستێکی بەرزدا خۆی نواند .

گێڕانەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو مێژووە لە لایەن جەنابتانەوە زۆر زۆر لە ڕاستی دوورە ، بە مەیل و کەیفی خۆتان مێژووتان گۆڕاوە و ئەم هەڵویستە لە ئەساسدا نزم و بی نرخە و بەرهەمی خەیاڵ و ئوتوپی ناسکی خۆتانە . شا کۆمە ڵەی دانەمەرزاندوە. ئەم پروپاگاندەیە سوکایەتی ، تەوهین و ئیهانە ی ڕاستەو خۆ بە شەهیدانی کۆمەڵە، جەماوەری بەرینی خەڵک ولایەنگران،کەم ئەندامانی قارەمان،وهەزاران ژن و پیاوی تیکۆشەرە کە بە خاتر دیفاع لە عەداڵەتخوازی کۆ مەڵە دیل کراون و زیندانی سیاسین . یەکێک لە دامەزرینەرانی کۆمە ڵە کە دەوری سەرەکی ، تایبەت و دیاری کەری هەبوو ، ڕێزدار کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی بوو . من لە تاران خوێندکاری زانکۆ و زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری کار و باری سیاسی و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی کاک فوئاد بووم . لە خوێنەران تکا دەکەم بۆ ئاگاداری لە ڕاستیەکان کتێبی " کاک فوئاد ڕێبەر ،سیاسەتمەدار و زانایەکی سیاسی ! " چاپی شاری کۆڵنی ئاڵمان ساڵی 2006 میلادی و کتێبی "یاخی بوون لە مێژووی کۆمە ڵە کارێکی ئاسان نیە ! " نووسەر بەڕێز ئەحمەدی بەهرامی چاپی ساڵی 2006-سلێمانی بخوینەوە کە زۆر دیکۆمینتی شاردراوە و نهێنی و باس نە کراوی تیدایە. یەکەم جار نیە کە کۆمە ڵە هەر سکوت دەکا . پێویستە ئەوانە ی بە ناوی کۆ مە ڵەوە خەبات دەکەن سکوتی خۆیان بشکینن و وڵامی پروپاگاندە و ڕەخنە کان بۆ خوێنەران و نەسلی داهاتوو بدە نەوە .من ئەو سکوتە ی ئێستایان مەحکوم دەکەم . ئەو ئێدیعایە کە جەناب حاجی ئەحمەدی دامەزراندنی کۆ مە ڵە بە ساواکی شا ، پێناسە دەکا زۆر زۆر ناڕاستە و هەر کەسێک ئاوا هەڵویستێکی سەبارەت بە دامەزراندنی کۆمە ڵە هەبی ، بیگومان دەبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان بەڵگە و دیکۆمینت بە جەماوەری خەڵکی کورد نیشان بدات. بۆ ئاگاداریتان خوێنەران بە چاوێکی پڕ لە گومان وبێ بڕواییەوە سەیری وتارەکەت دەکەن .

بە ڕێز مام جەلال لەبیر و بۆچونی سوسیالیستی و چەپ ، پشتیوانی کردوە و گەنجانی کورد کە ڕوانگە و ئیدئولۆژی سوسیالیستیان هەبووە ،لە گەڵ ڕەوتی فیکری مام جەلال کۆک ویەکیان دەگرتەوە. چاوپێکەوتن و دیدارەکانی ڕێزدار کاک فوئاد و هاوڕێ یانی تری کۆمە ڵە لە گەڵ مام جەلال ئەم ڕاستیانە نیشان دەدا و دەیسلمێنیت . یارمەتی و هاوکاریە کانی یەکیەتی نیشتمانی جێگای سوپاس و پێ زانینە و کۆ مە ڵە قەد لە بیری نە کردووە .

شەڕی کۆمە لە و دیموکرات بە زۆر فاکتۆری سیاسی ،کۆمە ڵایەتی و ئابوریەوە گرێ درابوو. کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژ هەڵات، سەدان ساڵ لە لایەن حکۆمەتی ئێرانەوە بە زۆر لە دوواکەوتویدا ڕاگیرابوو . نە پاراستنی دیموکراسی لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە ، کە هیچ چەشنە دەنگ دان ، هەڵبژاردن و ڕیفراندۆمێک نە کرابوو تا سەلاحیەتی دەسەڵات ، ئێدارە و حاکمیەتی کوردستانی ڕۆژ هەڵات وەر گرێت . پەسا پەسا خۆیان بە تەنیا دەسەڵاتی حاکم دەناساند و لە زۆر بواردا کۆمە ڵە ئوتۆریتە، دەسەڵاتی سیاسی و نەفوز و لیهاتوویی لە دیموکرات زۆرتر بوو.دەوری پاوانخوازی و شوڤینیزمی گورووهی سە هە ند و سکوتی دوور و درێژی ناوەندی کۆ مە ڵە کە متمانەیان بە خۆیان نە مابوو،خولقینەری کۆسپی زۆر گەورە بۆ گەلی کورد بوو،کە" کۆ مە ڵە ی خاوەن ماڵیان" خستە پراوێزەوە و پاشان هەموو ئوتۆریتە و دەسەڵاتی کۆ مە ڵەیان ڕفاند و خەیانەتیان بە بزووتنەوەی گەلی کورد کرد . نە بوونی ڕوحیەی هاوکاری و هاوخەباتی لە نیوان رێکخراوەکانی کۆ مە ڵە و دیموکرات دەردی بی دەرمانێک بوو کە خەلکی کوردی بە ئامان هێنابوو .کاتێک پێشمەرگە دیل و ئەسیر دەکرا هەڵویستی حیزبی دیموکرات سەبارەت بە پێشمەرگەکانی کۆ مە ڵە لە ئاستێکی زۆر نزمدا بوو کە تەنانەت زۆربەی تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات دژی ئەو هەڵسوکەوتە نامرۆڤانە ، بی بایەخ و نزمانە بوون.سوکایەتی ، بی حورمەتی و نە پاراستنی مافی دیلەکانی کۆمە ڵە و بە تایبەت کچە پێشمەرگەکانی کۆ مە ڵە، هیندە بی شەرمانە بوو کە قەڵەم لە گیڕانەوەی شەرم دەکا و ئەم تاوانە فاکتورێکی حەساس و هاندەری بارگرژی و ئاڵۆزیەکان بوو. و کۆ مە ڵەیش دیلی حیزبی دیموکراتی کوشتوە وکاری نابەجێی و چەپ ڕەوی کردووە . کۆ مە ڵە دەیویست خەباتی چینایەتی لە نیوان بورژوازی و کرێکاردا، بە شەڕی چەکداری لە نیوان دوو هێزی پارتیزان وڵام بداتەوە . دابەزاندنی تیئوری وشک و شکست هێناو لە کۆ مە لگای دواکەوتوی کوردستان،لیکدانەوەیەکی هەڵە بوو کە ڕێگای بە کۆ مە ڵە نەدەدا تا لە گەڵ حیزبی دیموکرات بەرەیەکی هاوبەش پێک بینن .نە سازان و ڕێک نەکەوتن سەبارەت بە ئێدارەی کوردستان لە بیرۆکەی ڕێبەری حیزبی دیموکرات و کۆ مە ڵە دا، خست و خۆڵ بوو. خاڵە هاوبەشەکانی ئەم دوو هێزە کەم نە بوون ،بەڵام کۆ مە ڵە و حیزبی دیموکرات هەرگیز پلاتفورمێکی هاوبەشیان ئاژوو نە کرد تا لە پێناویدا خەباتی بۆ بکەن . ئازادی دەر بڕینی بیر و ڕا،بۆ حیزبی دیموکرات تەحەمول نە دەکرا. داخستنی کاناڵی دیالۆگ و ئەزمونی خوێناوی شەڕەکانی یەکیەتی و پارتی،لە سەر هەڵویستەکانی هەر دوو رێکخراوەکە کاردانەوەی هەبوو. لە باتی دیالۆگ و هاوکاری نیزامی پەنا بۆهیزی چەک دەبرا . ناکرێ ئەم فاکتۆرە هەستیارانە و سەدان فاکتۆری سیاسی-کۆمە ڵایەتی تر لە بەر چاو نە گرین . بە بیر و بۆچونی بە ڕێزیان، حیزبی دیموکرات حیزبێکی عەشایەریە . پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە شیاوی ئەو سوکایەتیە نین ، بەلکوو شیاوی ڕێز و ئێحترامن ، و بە پاکی ،بێگەردی و ئیمانەوە دژی جمهوری ئیسلامی خەباتیان کرد وهەر لەو قۆناغەدا پێشمەرگە کانی حیزبی دیموکرات و کۆ مە ڵە حەماسەیان خولقاندو لە گیانی

خۆیان دریغیان نه کرد و مێژووی هاوچەرخیان نووسی که به لای منەوه له پێناو ئامانجێکی بەرز و پیرۆز گیانیان بەخت کرد و شایستەی ڕێز و ئێحترامن.

بار و دۆخی ئێستای کوردستان زۆر ناسکه و له لایەن "چوار حکۆمەتی دەرەندەوه" گەمارۆ دراوه.دوژمنانی کورد ، یەک ئامانج، یەک ئێستراتژی،یەک فەلسەفە،یەکبوچون،یەک هەدەفیان هەیه و یەکگرتون که ڕاستەوخۆ بانگەواز و هەڕەشەیەکی قورس و توند، دژی نەتەوەی کوردە. دەبی ڕووحیەی لیبوردون،هاوکاری،هاوخەباتی،ئاڵ و گۆڕی زانیاری سەبارەت به دوژمن، هەبێ.ئێمەی کورد ستەمی نەتەوایەتی هاوبەش،چارەنوسی هاوبه بش ومێژووی هاوبەشمان هەیه . ئەگەر یەک نه گرین چارەنوسێکی نادیار ،ڕەش وچاوەڕوان نه کراو پێشوازیمان لیده کات . دەبی له مێژووی پڕ کارەسات و خوێناویمان دەرس وەر گرین . بۆیه پێویسته ڕێزەکانمان له بواری نیزامی و سیاسیدا یەکگرتوو که ین و پشتیوانی یەکتر بین . من وەک دوێنی بیر ناکەمەوه و به دڵنیایەوه تەرجومه و لیکدانەوەی ئەمڕۆم له گەڵ مانگی ڕابوردوو جیاوازی گەورەی هەیه .

بۆ زانیاری زۆرتر:

1- مێژووی مودێرنی کوردەکان – نوسینی دیوید مک داوڵ

**A Modern History of the kurds – by David Mc Dowall**

2- حکومەتی کوردستان – نەوشیروان مستەفا ئەمین